**سەردانی پیوەندیەکانی سازمانی خەبات لە پێوەندییەکانی پارتی یەکیتی کورد لە سوریا**

سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٨/٥/١٤ دەفتەری پێوەندییەکانی سلێمانی سازمانی خەبات ی کورستانی ئێران، بنکەی پێوەندییەکانی پارتی یەکێتی کوردی سوریای بەسەر کردەوە و لەدیدارێکی دۆستانە دا پیّ لەسەر هاوکاری و نزیکایەتی ٢ لایەن داگیرا. هیئەتی سازمان بەسەرپەرشتی سەید کامیل چاپاش ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی لەلایەن عەبدولباقی یوسف ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی پارتی یەکیتی کورد سوریا پێشوازیان لێکرا. لەچاوپێکەوتنێکی یەك ساعەتە دا هیئەتی سازمان پیرۆزبایی کردنەوەی بارەگای ئەوحیزبەی بە فەرمی لەشاری سلێمانی کرد و لەدرێژەدا لەسەررەوشی جولانەوەی کورد و پێویستی هاوکاری و نزیکایەتی لایەنە کوردییەکانی هەرچوار پارچە قسەی کرد. پاشان بەرێز عەبدولباقی یوسف لەسەر رەوشی جولانەوەی کورد لەسوریە شی کردنەوەیێکی دا و ناوبراویش پێی لەسەر هاوکاری لایەنە کوردییەکانی داگرت. لەکۆتایی سەردانەکە دا هەر دوو لایەن لەسەر نزیکی و پتەوی پێوەندی سازمان و پارتی کۆك بون و خوشحالی خۆیان لەو جۆرە دیدارانە و بەردەوام بوونی دەربڕی.